# موژدەت لێبێت بە دوو نور (ڕۆشنایی) کە بە تۆ بەخشراوە وبە هیچ پێغەمبەرێک لە پێش تۆ نەبەخشراوە

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «کاتێک جبریل -علیه السلام- لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبوو، دەنگی جیڕەجیڕێکی لەسەرەوە بیست وسەری بەرزکردەوە، فەرمووی: «ئێستا لە ئاسمان دەرگایەک کرایەوە تەنها ئەمڕۆ کراوەتەوە وهەرگیز نەکراوەتەوە مەگەر ئەمڕۆ نەبێت، وفریشتەیەک دابەزی، هەروەها فەرمووی: ئەمڕۆ فریشتەیەک لێیەوە دابەزی بۆ سەر زەوی هەرگیز دانەبەزیووە مەگەر ئەمڕۆ نەبێت، (وکاتێک فریشتەکە دابەزی) سەلامی کرد (لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) وپێی فەرموو: موژدەت لێبێت بە دوو نور (ڕۆشنایی) کە بە تۆ بەخشراوە وبە هیچ پێغەمبەرێک لە پێش تۆ نەبەخشراوە: سورەتی -الفاتحة-، وکۆتاییەکانی سورەتی -البقرة- (دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی البقرة)، هەر پیتێکیان لێبخوێنیتەوە ئەوا پێت دەبەخشرێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

فریشتە جبریل -علیه السلام- لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دانیشتبوو، دەنگی جیڕەجیڕێکی لە ئاسمانەوە بیست وەکو دەنگی دەرگا وابوو کاتێك دەکرێتەوە، جبریل سەری بەرزکردەوە وسەیری ئاسمانی کرد، پاشان بە پێغەمبەری فەرموو -صلى الله عليه وسلم-: ئەمڕۆ ئەم دەرگایە کرایەوە لە ئاسماندا، وهەرگیز پێشتر نەکراوەتەوە مەگەر ئەمڕۆ نەبێت، وفریشتەیەک لە فریشتەکان دابەزی بۆ سەر زەوی، وهەرگیز دانەبەزیووە مەگەر ئەمڕۆ نەبێت، وکاتێک فریشتەکە دابەزی سەلامی کرد لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپێی فەرموو: موژدەت لێبێت بە دوو نور وڕۆشنایی مەزن کە بە تۆ بەخشراوە وبە هیچ پێغەمبەرێک لە پێش تۆ نەبەخشراوە، ئەوانیش بریتین لە: سورەتی -الفاتحة-، وکۆتاییەکانی سورەتی -البقرة- (دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی البقرة). پاشان فریشتەکە فەرمووی: هەریەکێك هەرپیتێکیان لێبخوێنێتەوە ئەوا ئەوەی تێیاندایە لە خێر ونزا وداوا کردن خوای گەورە -سبحانه وتعالى- پێی دەبەخشێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5775